دەستەی کەشناسی پێشبینی پلەکانی گەرمای ئەمڕۆ و ڕۆژانی داهاتووی بڵاوکردەوە

ئەمڕۆ هەینی ، دەستەی کەشناسی پێشبینی پلەکانی گەرمای ئەمڕۆ و ڕۆژانی داهاتووی وڵاتی ڕاگەیاند و پێشبینیش دەکات دابەزینی پلەکانی گەرما لە ڕۆژی دووشەممەی داهاتووەوە دەستپێبکەن.

لە ڕاگەیەندراوێکی دەستەی کەشناسیدا هاتووە، ئەمڕۆ هەینی پلەکانی گەرما بەردەوام دەبن لە بەرزبونەوە، سبەی شەممە، کەشوهەوا لە سەرتاسەری وڵات ساماڵ دەبێتەوە، لە پاشنیوەڕۆدا لە ناوچەکانی باکووری نیمچە هەور دەگرێت، هاوکات پلەکانی گەرما هاوشێوەی ڕۆژی پێشوو دەبێت لە سەرتاسەری وڵات". هەروەها ئەوەیش هاتووە کە، "بەرزترین پلەکانی گەرما بۆ سبەینێ لە دهۆك 42 پلە و سلێمانی 43 پلە و هەولێر 44 پلە و ئەنبار 45 پلە و کەرکوک و دیالە و نەینەوا 46 پلە و بەغدا و سەڵاحەدین و کەربەلا و دیوانیە 47 پلە دەبێت، واست و بابل و نەجەف و موسەنا و ناسریە وبەسرە ٤٨ پلە، و میسان ٤٩ پلەی سەدی."

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، "کەش و هەوای ڕۆژی یەکشەممە لە سەرتاسەری وڵات ساماڵ دەبێتەوە، هەروەها پلەکانی گەرما کەمێک بەرزدەبنەوە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور، هەروەها

هاوشێوەی پلەکانی گەرمای ڕۆژی پێشوو لە ناوچەکانی باکور دەبێت".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ڕوونیشیکردەوە، "کەشوهەوای ڕۆژی دووشەممە لە ناوچەکانی ناوەڕاست ساماڵ دەبێتەوە و لە هەندێک ناوچەی باکور و باشووریش نیمچە هەور دەبێت، پلەکانی گەرما هاوشێوەی ڕۆژی پێشوو دەبێت لە ناوچەی باکوور و لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووریش کەمێک نزمتر دەبێت، جگە لە بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوچەکانی باشوور، کە هاوشێوەی ڕۆژی پێشوو دەبێت".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە ، "کەشوهەوای سێشەممەی داهاتوو ساماڵ دەبێتەوە، پلەکانی گەرما بە چەند پلەیەک لە سەرانسەری وڵاتدا دادەبەزن".